

# له یادی گیانبهختکردوو پێشمەرگە و سەرکردە و ڕابەر کاک ئازاد مستەفادا...

هەڵۆ بەرزنجی. ١٩ی ئاداری ٢٠٢٥






لای کورد ژیان لەم مانگی ئادارەوە دەست پێ دەکاتەوە و دەزێتەوە.. وەک سەرەتای وەرزی ژیانەوەی سروشتە، سروشتیش وابەستەی رۆحی کوردەوارییە...
رۆژمێری مانگی ئاداری کورد تژییە لە بیرەوەریی و کارەسات و خۆشی و سەرکەوتن.
لەدایکبوون و مردنی بارزانی، رێکەوتنی ٦ی ئازاری جەزائیر و ١١ی ئازاری١٩٧٠، کارەساتی هەڵەبجەی ١٩٨٨، جەژنی نەتەوایەتی نەرۆزلە ٢١ی ئاداری هەر ساڵێک و ٣١ی ئادار ١٩٤٧ لە سێدارەدانی قازی پێشەوای کوردان و چەندان رووداوی تر لە نێویاندا کۆچی دوایی (کاک ئازاد مستەفا ) لە ١٩ی ئاداری ١٩٨٩ دا...
ئازاد مستەفا، رۆڵە و پێشمەرگە و سەرکردە و رابەرێکی بێوێنەی کورد و کوردستان بوو.. لە مەوادای تەمەنێکی کورتی( ٤٠ )ساڵانەدا لە سەختترین هەلومەرج و گرتنە ئەستۆی قورسترین ئەرک و بەرپرسارێتیدا توانی نەخشی هەرە گەورە و بەپێز و دیار و هەڵکەوتووی خۆی بگێڕێ و چەندان لاپەڕەی هەرە گەش لە بیرکردنەوە و تێکۆشان و دڵسۆزی بخاتە سەر خەرمانی مێژووی پڕ شکۆی بیری نەتەوەیی و بزاڤی رزگاریخوازی کورد...هەروەها بیروڕا و شرۆڤە و هەڵسەنگاندنەکانی لەنێو کۆڕی سیاسی لەسەر ئاستی بەرز هەژماری بۆ دەکرا و بەهەند وەردەگیرا..
ئازاد مستەفا سەردەمی خەباتی رووبەرووی جۆرەها ئاڵنگاری فکری و سیاسی و سەربازی بوویەوە بەڵام توانی سەربەزانە و قارەمانە و لێهاتووانە ئەرگی







رابەرایەتی خۆی بەجێ بگەیەنێ..پەیوەندییەکی تەندروستی بە هەموو لایەک و کەسایەتی و ئەدیبانەوە هەبوو ..
ناوبراو بە مانای وشە، رۆشنبیر و سیاسییەکی زرنگ و وریا بوو.. ئەدیب و وەرگێڕێکی کارامە و قەڵەم ڕەنگین بوو.. رۆژنامەوانێکی چالاک و هوشیار بوو. لە مەیدانی هزر و فکریشدا بەشدارییەکی بەرچاو و گرنگی هەیە لە مێژووی هەڵچنینی کۆشک و تەلاری فکر و مەعریفەی کوردیدا...
ئازاد مستەفا کوردیزانێکی بەسەلیقە و شارەزایەکی باشی مێژوو و کوردەواریناسێکی لێوەشاوە بوو .خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کە زۆرینەی هەرە زۆریان لە ئەدەبیاتی پاسۆکدا رەنگ دەدەنەوە ، باشترین بەڵگەی ئەم راستییەمانە...
هێندە بەسە بڵێم وەک ئەوانی تر خاوەنی پارەی مۆڵ نەبوو لە بانکەکانی ئەوروپا ... سەرکردەیەکی گیرفان بەتاڵی و پێڵاو دڕاوی سادە و ساکاری کوردایەتی بوو.. بۆ مێژوو کە ماڵئاوایی لێکردین بە کۆکردنەوەی پارەی هاوکاری و یارمەتی هاوبیران و کوردانی ئەوروپا، بەتایبەت وڵاتی سوید لاشەکەیمان هێناوە بۆ کوردستان..لە تارانیشەوە تا زەڵی (مام جەلال) ئەرکی مادی خستە ئەستۆی خۆی وەک سکرتێری ی. ن .ک ...سوپاس و پێزانین بۆ جوانی هەموو لایەک
ئێمە وا بۆ ٣٦ ساڵ دەچێ لاشەی ئەو رابەرەمان لێ ونە، بەڵام رۆحی بەرزی کوردبوونی و خەرمانێ لە نووسینەکانی و دەیان لایەن و یادگاریتری سەردەمی خەباتی نهێنی کاژیکانە و ناو شۆڕسی ئەیلوول و دواتر دامەزراندنی پاسۆک و رۆژانی زیندانی سیاسی و پاشان ناو بارەگاکانی پاسۆک و خەباتی چەکداری و ساتەوەختەکانی لە ئەوروپا و لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکای ستۆکهۆڵم و میواندارییەکانی چرکە بەچرکە لەگەڵمان دەژی و چرای رووناککەرەوەی رێی ژیان و بیرکردنەوە و تێکۆشانمانە...
هاوبیران، هاوڕێیان..
لەگەڵ دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازشم بۆ گیانی بەرزەفڕی کاک ئازاد و ئەم یادەی، دانانی تاجەگوڵینەی نێرگز و تەڕەڕیحان و بەیبوون و گوڵاڵەسوورە لەسەر مەزرای چراخانی،

لێرە بەدواوە بابەتێکی پێش ٥ ساڵم بۆ کاک ئازاد دەکەمەوە دیاری بۆتان ...
*****

36ساڵ لەمەوبەر ١٩/٣/١٩٨٩ ڕابەر و سەرکردە و مامۆستا و پێشمەرگە، برا و هاوبیری هێژا کاک (ئازاد مستەفا)، لەتەمەنێکی زۆر زوو و ناوادەدا، بەجێی هێشتین. بەڵام خەرمانێک لە بیر و هزر و فەلسەفە و ئەندێشە و باوەڕی لەدوای خۆی بۆ جێهێشتین .

کاک ئازاد لە سەرەتا تەمەنی کامڵبوونی سیاسی و فیکریدا بوو .دەستی چەپگەرد هاتە ئاوقایی و لێ سەندینەوە. ئەم سەرکردەیە ، مێژوویەکی پڕ لە تێکۆشان و نووسینی فیکری و ئەدەبی و سیاسی هەبوو. جێ پەنجەی بەسەر زۆرینەی ئەدەبیات و بڵاوکراوەکانی پاسۆکەوە هەبوو.بێ پشوودان و ماندووبوون دەیتوانی بە تەنها گۆڤارێکی فیکری یا ئەدەبی و سیاسی دەر بکات. ڕۆشنبیرێکی گەلێ ورد و بەدیقەت بوو. سیاسییەکی زرنگ و بە ئاگا و هۆشیار و ئاسۆ فراوان بوو .

لە بواری فیکر و فەلسەفەی بیر و سیاسەتدا زۆر قوڵ بوو. شارەزایەکی مەعلانی مێژووی نەتەوەکەی بوو. ناسنامەی ئەقڵی و کولتووری میللەتە سەردەستەکانی کوردستانی باش خوێندبۆوە .کاک ئازاد لە قسەکردندا ڕەوانبێژێکی تەواو بوو. هیچ کات و لە هیچ بوارێکدا سواڵی وشە و بابەت و قسەی نەدەکرد.هەر ساتێ بیویستایە ئەسپی خۆی تاو بدات، ئیدی بەرامبەری ناچار دەبوو گوێی لێ بگرێ بایەخی پێ بدات.

کاک ئازاد لە دابونەریتی کوردەواری زۆر قوڵ ببووە، ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی لێ بێبەش نەبوو.جگە لەمانەش قسە خۆش و ئەهلی ناو خەڵک و دانیشتن بوو. لەهەر شوێنێ بووایە، زوو بە زوو نەخشی خۆی تێدا دەگێڕا.

کاک ئازاد هەم لە فیکری مارکسایەتی و هەمیش لە ئاینی ئیسلام زۆر شارەزا و قوڵ بوو. کاک ئازاد هەر بۆ ئەوە دروست ببوو، هەر داینێیت بیر بکاتەوە و بخوێنێتەوە و بنووسێ. چونکە بەڕاستی خاوەنی قەڵەمێکی ڕەنگین و نووسینی بەپێز بوو و کوردیزانێکی لێوەشاوە بوو.

ئەو کاتێ وەک ڕابەر هاتە مەیدانی سیاسییەوە، بارودۆخی کوردستان و پەیوەندییە حیزبییەکان لەوپەڕی ئالۆزی و دڕندوکیدا بوو.

کە هات وەک چرایەک ی باوەڕ و ئیمانی کوردایەتی داگیرساو و ویستی تارمایی ڕەشی شوومی ناتەبایی زەمین و ئاسمانی کوردستانی تاریکستان ڕامالێ. ئەو لە چرکەساتێکی مێژوویی وادا ڕاستبۆوە، کە بارستایی قورسی نسکۆی ١٤ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوول هەمووی کەوتبۆ سەر سنگی.

کاک ئازاد ڕۆژگارێ بووە داینەمۆ، ئۆتۆمبیل و مەکینەکان لەکار کەوتبوون و بێدەنگ کرا بوون.

کاک ئازاد سەردەمێ بووە بزوێنەر، جوڵە نەمابوو دەستەوسانی و نائومێدی مۆتەکەی ڕۆژگار بوون. وەک زەردەشتێک بۆ ئەمڕۆی کوردستان پێویست بوو، لێ لەگەڵ قەدەری نالەبار و سیاچارەیی بیر و ڕێبازی نەتەوەییدا چ دەڵێی و چ دەتوانی بکەیت!؟..
یادت بەخێر سەرکردە خاکی و بێنیاز و دڵسۆز و لێهاتووەکەی کورد.
هەموو ١٩ی مانگی ئاداری هەر ساڵێ بە خۆت و شکۆی مەرگی نەمریتەوە، دەبیتەوە میوانی ژان و ئازارەکانی هەڵەبجەی مەرگ بەزێن و دەستەچیلەی ئاگری نەورۆزی کوردەواری...
ئێمە، چۆن پێویستیمان بە ئاو و نان و ئاسمان و زەوی و هەوا هەیە، هێندەش بەدووی ڕۆحی پاکی کوردانە و هزری گەشی نەتەوایەتیت و دڵسۆزی و لەخۆبووردوویی پێشمەرگایەتیت دا وێڵین.تۆ مردن لە هەزار لاوە هێرشت بۆ بهێنی، هەر زیندوویت و هەر نامریت و هەر لەگەڵماندایت...تا مێژوو و ناو و ڕێبازی پاسۆک زیندوو بێت و هاوبیران ئەمەکدار و دڵسۆزی کوردایەتی کردن بن هەر زیندوویت.
هاوبیری گەورەم، سڵاو لەناو و یاد و یادگار و خۆشەویستی و دڵسۆزیی و تێکۆشان و بیرکردنەوە و گڵکۆکەت.تاجە گوڵینەت پێشکەش و بۆ هەمیشە بە ئارامی لە باوەشی نیشتمانی دایکدا، ئارام بگرە و بنوو..